مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاسایشی یاسایی لە عێراق

## یاسای بازرگانی و کارگێڕی بە نموونە

Legal Security in Iraq: Commercial and administrative law is a model

**پرۆفسیۆری یاریدەدەر دکتۆر سەنگەر داوود محمد**

کۆلێجی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی

کۆلێجی یاساو زاستە ڕامیاریەکان / زانکۆی صەلاح الدین

**مامۆستای یاریدەدەر عەلی تاهە ئەکرەم**

کۆلێجی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی

کۆلێجی یاساو زاستە ڕامیاریەکان / زانکۆی صەلاح الدین

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٨/٤/١٧

القبول: ٢٠١٨/٥/٢٤

النشر: **صيف ٢٠١٨**

**Doi:**
**10.25212/lfu.qzj.3.3.01**

**الكلمات المفتاحية:**

Trade security, legal system, sovereignty, administration, justice, stability, development, legal deficiencies

### پوختە

ئەم تویژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاسایشی یاسایی لە عێراق – یاسای بازرگانی و کارگێری بە نموونە) هەولێکی زانستیە بۆ خستنەڕووی چەمك و واتای ئاسایشی یاسایی و پەیوەندی ڕەهەندەکانی ئەو بابەتە بە دادپەروەری و سەروەری یاسا و هێمنی و ئارامی و سەقامگیری لە کۆمەڵگە.

ئاسایشی یاسایی کە یەکێکە لە کۆڵەگەکانی دەوڵەتی یاسایی بریتیە لە پابەند بوونی دەسەلاتە جیاجیاکان بە سەقامگیریی پەیوەندی و پێگە یاساییەکان، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەو پێگە یاساییانە بتوانن بە ئارامی و بێ دڵەڕاوکێ لە ژێر سایە و رۆشنایی ڕێسا و سیستەمە یاساییە بەرکارەکان باره یاساییەکانیان ڕێکدەخەن.

وە هەروەها تویژینەوەی بەردەست و شرۆڤەو شیکردنەوەیەکی یاساییە بۆ ئەو کەلێن و کەموکورِی و دژیەکیە یاساییانەی کە لە یاساو ڕێسا بازرگانی و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارگێڕیەکان کە لە عیراقدا بوونیان هەیە. وە ڕێگە خۆشکردنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕیانەی کە لەو بارەیەوە بوونیان هەیە.

## پێشەکی

### دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتی توێژینەوە

بوونی یاسا لە کۆمەڵگەدا زەروورەت و پێویستیەکی حەتمیە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ڕۆژانە بۆ ئەوەی تاکەکەس هەست بە هێمنی و ئارامی و پارێزراوی مافەکانیان بکەن، بەڵام هەندێك جار زۆری یاساکان وادەکات دژ بەیەکی یاخود دووبارە ڕێکخستنی هەمان بابەت لە یاسایەکی تر ڕووبدات، وە یان نەبوونی دەقێکی یاسایی ڕێکخەر بۆ بابەتێك بۆشایی یاسایی دروست دەکات.

بەردەوام بون لەسەر دارشتنی یاسا بە بێ لێ ووردبوونەوەی پێویست لەلایەن یاسادانەرەوە ڕاڕایی لە لایەن جێبەجێکار و پیادەکاری یاسایی دروست دەکات و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات و خەڵك لەبری ئارامی، لەژێر سایەی یاسا دژیەك و دووبارەبووەکانکان هەست بە دوودڵی و ناجێگیری دەکەن دواتر کاریگەریش دەخاتە سەر کارکردنی ڕۆژانەیان بە شێوەیەك ئاسایشی یاسایی دەکەوێتە مەترسیەوە، جا لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین تێگەیشتن لە ئاسایشی یاساکان لە یاسا جۆرەبەجۆرەکان بخەینەڕوو و کاریگەریەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگە باس بکەین، وە لەو بارەیەوە بە نموونە تیشك دەخەینە سەر یاسا و ڕێسا بازرگانی و کارگێڕیەکان لە عێراق، لە کۆتایشدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی خستنە ڕووی کۆمەڵێك دەرئەنجام و پێشنیار و چەند ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایشی یاسایی و هاتنەکایەی سەقامگیری یاسایی لە وولاتدا بخەینە بەر دید و تێڕوانین.

### گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە لە سێ ڕووەوە:

1- بۆ یاسادانەر گرنگە کە ئاسایشی یاساکان لەبەرچاو بگرێت لە کاتی دەرکردنی یاساکان تاوەکو ببێتە هۆکاری هێنانەدی سەقامگیری لەوولات نەوەك ببێتە هۆی دروست کردنی ناسەقامگیری لە لای تاك و تێکدانی ئاسایشی یاسایی وولات ،ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دادپەروەری دێتەدی لەکاتی دارشتنی یاساکاندا.
2- لەلایەکی تر گرینگە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە یاسا جێبەجێ و پیادە دەکەن لە هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری کە بتوانن ڕێکارە یاساییەکان بگرنەبەر دوور لە هەبوونی دژ یەکی لە نێوان یاساکان و زۆری و دووبارەبونەوەیی لە یاساکان .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- گرنگیەکی تر کە خاڵی بنەڕەتی توێژینەوەکەیە ناساندنی ئاسایشی یاساکانە بە تاك بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە چەمك و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکەو و تێڕوانینێکی ڕاست و دروستیان لە لا دروست بێ لەسەر ناسەقامگیری و سەقامگیری و ئاسایشی یاساکان و چۆنیەتی فەراهەم بوونی جێگیری لە یاساکاندا لە هەرسێ قۆناغی یاسادانان و جێبەجێکردن و پیادەکردن.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی واتای ئاسایشی یاساییە لە وولآت و بەرپابوونی سەقامگیریە لە لای هەر تاکێك، ئەمە لەلایەك، وە لە لایەکی تر هەوڵدانێکە بۆ نەهێشتنی ئەو کەم و کوڕیانەی کە لەیاساکاندا بەدی دەکرێت(بەنموونە لە یاساو ڕێسا بازرگانی و کارگێڕیەکان لە عێراقدا) و دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕیە یاساییانەی کە ئەنجامدەدرێت لەلایەن دام و دەزگا یاساییەکاندا.

**کێشەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی ئاسایشی یاساییە چەندین پرسیار دروست دەکات کە لە بیری هەر تاکێك ڕەنگە دروست ببێت، بۆ نمونە چ بکرێت بۆ ئەوەی ئاسایشی یاساکان نەکەونە مەترسیەوە؟ ئەو دەسەڵاتانە کامانەن کە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە بەدیهێنانی ئاسایشی یاساییدا؟ ئەو کۆسپ و تەگەرانە چین لە بەردەم جێبەجێکردن و پیادەکردنی یاساکان؟ بۆچی لە کاتی نەمانی ئاسایشی یاسایی ئاسایشی کۆمەڵگەش دەکەوێتە مەترسیەوە؟

لە دووتوێی توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین شرۆڤەی ئەم بابەتانە بکەین و وەڵامی یەکە بەیەکەی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

**چوارچێوەی توێژینەوە**

بابەتی توێژینەوە پەیوەستە بە چەمك و واتای ئاسایشی یاسایی بە شێوەیەکی گشتی و تیشك خستنە سەر یاساو ڕێسا بازرگانی و کارگێڕیەکانی عیراق وەك نموونە لە یاسایەکی تایبەت و یاسایەکی گشتی.

**ڕێبازی توێژینەوە**

لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستووە، بە مەبەستی شیکردنەوەو شرۆڤە کردنی دەقە یاساییەکان و خستنە ڕووی کۆسپ و ئارێشە و دژیەکی و کەموکوڕیە یاساییەکان لە هەر سێ بواری یاسادانان و جێبەجێکردن و پیادەکردندا.

**پلانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێك دێت:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەشی یەکەم:** تێگەیشتنی گشتی لە ئاسایشی یاسایی

بەشی دووەم: . ئاسایشی یاسایی لە یاسا بازرگانیەکان لە عێراقدا

بەشی سێ یەم: ئاسایشی یاسایی لە یاسا کارگێڕیەکان لە عێراقدا

## 1. تێگەیشتنی گشتی لە ئاسایشی یاسایی

بۆ ئەوەی یاسا ڕۆڵی خۆی بگێرێت لە دابین کردنی هێمنی و ئاسایش بۆ کۆمەڵگە و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی پێویستە ئاسایشی یاسایی بوونی هەبێت چونکە بە بێ ئاسایشی یاسایی هێنانەدی ئامانجەکانی یاسا ئەستەم دەبێ. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین واتای ئاسایشی یاسایی بخەینە ڕوو، وە هەموو ئەو پرەنسیپ و بنەما یاساییانەی کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێرن لە بەدیهێنانی ئاسایشی یاسایی بیانخەینە ڕوو و یەکە بەیەکە ڕوونیان بکەینەوە، لە کۆتایی بەشەکەشدا هەوڵ دەدەین پەیوەندی نێوان ئاسایشی یاسایی و ئاسایشی دادوەری بخەینەڕوو کە دوو بابەتی بەیەکەوە بەستراون.

### 1.1 مەبەست لە ئاسایشی یاسایی

ئاسایشی یاسایی بەرجەستەی جێبەجێکردنی یاساکانە چونکە مەبەست لە یاساکان ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، وە بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی تاك بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە ڕێوە بچێت پێویستە یاساکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك جێبەجێ بکرێن، چونکە یاساکانن کە دەبنە هۆی ڕێگری کردن لە دەست درێژی بۆ سەر ژیان و سامانی خەڵك. کەواتە نەبوونی ئاسایشی یاسایی بریتیە لە هەبوونی کێشە لە جێبەجێکردنی یاساکان، کە ئەمەش هێمنی و جێگیری کاروباری ڕۆژانەی خەڵك دەخاتە مەترسیەوە[1].

مەبەست لە چەمکی ئاسایشی یاسایی فەراهەم بوونی سەقامگیری و چەسپاویە بۆ پێگە یاساییەکان. کە ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە گەرەنتیەکانی پارێزگاریکردن لە پێگە یاساییەکان و نەشلەژانیان بە گۆڕانکاری کتوپڕ. وە بیرۆکەی ئاسایشی یاسایی سەری هەڵدا لە پێداویستی کۆمەڵگە بۆ ئاسایش و پارێزگاری کردن لە خاوەن پێگە یاساییەکان لە کۆمەڵگە[2].

وە تاوەکو ئێستا شارەزایان و یاساناسان کۆك نین لەسەر پێناسەیەکی یەکانگیر و بنبڕ بۆ چەمکی ئاسایشی یاسایی.

وە ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت لەو بارەیەوە ئەوەیە کە چەمکی ئاسایشی یاسایی بۆ یەکەم جار لە وڵاتی ئەڵمانیا جێگیر بوو لە ساڵی 1961 کاتێك کە دادگای دەستوری فیدراڵی لە ئەڵمانیا ئاسایشی یاسایی وەك بنەمایەکی دەستوری ناساند، وە

---

[1] د. منذر الشاوي، دولة القانون، الطبعة الاولى، مكتبة الذاكرة، بغداد، 2013، ص20.

[2] د. حسن مصطفى البحري، القانون الدستوري (النظرية العامة)، الطبعة الاولى، بدون دار النشر، دمشق، 2009، ص7.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پاشان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە لایەن دادگای دادی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە وەکو بنەمایەك دان نرا بە چەمکی ئاسایشی یاسایی لە ساڵی1962. وە هەروەها دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی 1981 جەختی کردەوە لەسەر ڕەچاوکردنی ئاسایشی یاسایی وەك زەرورەتێك بۆ سەقامگیری و وەکو بنەمایەك لە بنەماکانی مافی مرۆڤ دانی پێ دانا[3].

## 2.1 ئەو بنەما یاساییانەی کە پەیوەندی پتەویان هەیە بە ئاسایشی یاسایی

ئاسایشی یاسایی کە بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی دەوڵەتی یاسا دادەنرێت لە ڕێگەی پابەندبوون و کارکردن بە ژمارەیەك پرەنسیپی یاسایی دێتە دی کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی، بۆیە هەرکاتێك ئەو پرەنسیپانە پشتگوێ بخرێن نا ئارامی و ناجێگیری دروست دەبێت لە کۆمەڵگەدا و ئاسایشی یاسایی دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەش دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بیانخەینە ڕوو:

### 1.2.1 سەروەری یاسا

سەروەری یاسا واتا پێویستە یاسا لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت هەروەك (مونتسکیۆ) دەڵێ (دەبێت یاسا وەکو مردن وابێت وهیچ کەسێك لێی بەدەر نەبێت) کەواتە ئەگەر لەلای خەڵك و کۆمەڵگەدا هەست بە بوونی سەروەری یاسا بکرێت ئەوە وولاتێك دروست دەبێت کە یاسا پارێزراو و سەروەر و باڵادەست دەبێ و خەڵکیش تیایدا هەست بە هێمنی و ئاسایش دەکەن لە سایەی یاساکان، بە پێچەوانەوە ئەگەر یاسا ڕێزی لێنەگیراو بۆ هەموو کەسێك سەرورەر نەبوو ، ئەوا خەڵك متمانەیان بە دام و دەزگا یاساییەکان نامینێت و ئینتیمایان بۆ یاساکانی وولات لە دەست دەدەن و بەردەوام هەست بە نەبوونی ئاسایشی یاساکان دەکەن و لە ئەنجامدا هێمنی و جێگیری دەروونیان لە دەست دەدەن لە کاروباری ڕۆژانەیاندا[4].

### 2.2.1 پرەنسیپی نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ دواوە

کات لە جێبەجێکردنی یاسا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بە جۆرێك زۆرجار دەبینین یاسایەك لە دژی پێگەو ماف یان ڕەفتاری کەسێکە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ڕەفتارەی پێش دەرچوونی یاساکە ئەنجامداوە بۆیە ئەو یاسایە نایگرێتەوە، بە پێچەوانەوە نابێت کەسێك مافێکی بە پێی یاسایەك پێ درابێت و بە پێی یاسایەکی نوێ لێی بسێنرێتەوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە یاسا دەبێت لە ڕۆژی دەرچوون و بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وولات جێبەجێ بکرێت بە پێی ئەو کاتەی کە بۆی دیاریکراوە بۆ نمونە یاسایەك لە ڕۆژنامەی فەرمی وولات بڵاو دەکرێتەوە و تیایدا هاتووە کە دوای (10) ڕۆژ دەکەوێتە کار و دەبێت لە ڕۆژی یازدەمەوە بەسەر خەڵك جێبەجێبکرێت. ئەگەر هاتوو ئەو پرەنسیپە (نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ دواوە) وەك خۆی جێبەجێ نەکرا ئەوە ئاسایشی یاساکان

---

[3] عبد المجيد غميجة، مبدأ الأمن القانوني وضرورة الأمن القضائي، بحث مقدم في إطار الندوة المنظمة من قبل الودادية الحسنية للقضاة في المؤتمر الثالث عشر للمجموعة الأفريقية للإتحاد العالمي للقضاة، الدار البيضاء، 2008.

[4] Tom, Bingham, The Rule of Law, 1st edition, penguin group, London, 2010, PP3-4.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتەواوی دەكەونە مەترسیەوە ،چونكە خەڵك دڵنیا نابێت لە جێبەجێكردنی یاسایەكی دیاریكراو بەسەریاندا[5]. ئەمەش واتای ئەوە نیە كە هیچ یاسایەك بەركار نابێ لەسەر ڕووداوەكانی پێش بەركاربوونی بەڵكو لەهەندێك بارودۆخدا وەك (ئەگەر لە یاساكە بە ڕوونی هاتبوو كە ئەو یاسایە بەركار دەبێ لەسەر ڕووداوەكانی پێش بەركاربوونی) یان ئەگەر یاساكە پەیوەندی هەبوو بە (بەرژەوەندی گشتی) یا ئەگەر یاساكە بۆ ڕوون كردنەوە و شیكردنەوەی یاسایەكی تر بوو كە لە پێشتر دەرچوو بوو ، وەیان ئەگەر دوو یاسا هەبوو دەربارەی تاوانێك پێش ئەوەی بریاری دادگا بە سیفەتی كۆتایی دەرچوو بێت ئەوە دادوەر دەبێت بگەڕێت و بزانێت كامە یاسا بۆ تاوانبار باشترە ئەویان جێبەجێ بكات[6].

### 3.2.1جێگیر بوونی ڕێسا یاساییەكان

پێویستە ڕێسا یاساییەكان هۆكارێك بن بۆ دروست بوونی جێگیری (استقرار) لە كۆمەڵگەدا نەوەك ببنە هۆی نانەوەی پشێوی و شلەژان و تێكدانی شیرازەی كۆمەڵگە یاخود دەوڵەت، بۆیە پێویستە لەسەر یاسادانەر لە دارشتنی یاسادا ڕەچاوی هێمنی و ئاسایشی كۆمەڵگە بكات و بە هەندیان وەربگرێت[7].

### 4.2.1 پێویستە ڕێسا یاساییەكان ڕوون و ئاشكرا بن

دەرچوونی یاسا بۆ خەڵكە و بۆ ڕێكخستنی پەیوەندیەكانی نێوانیانە، ئەو پەیوەندیانەش بەردەوام لەبەرەو پێشچوونن بۆیە پێویستە ئەو یاسایەی كە یاسادانەر دایدەڕێژێت بە زمانێكی پاراو و ڕوون و ئاشكرا بێت تاوەكو خەڵك لێی تێبگەن، وە نابێت یاساكان بە شێوەیەكی ناڕوون دابڕێژرێن و خەڵكی لێیان تێنەگات چونكە ڕەنگە ئەو كات شیكردنەوە ڕاڤەی جیاوازی بۆ بكرێت و ڕەنگە لە مەبەستە سەرەكیەكەی خۆی لابدات و ببێتە هۆی تێكچوونی شیرازەی كۆمەڵگە[8].

### 5.2.1 بە هەند وەرگرتنی بنەماكانی دادپەروەری لەكاتی دانانی یاساكان

[5] د. نبيل ابراهيم سعد، المبادىء العامة للقانون (نظرية القانون – نظرية الحق)، الطبعة الاولى، دار الجامعة الجديدة، 2013، ص86-87.

[6] د. عبدالباقي البكري، مصدر سابق، ص116-117.

[7] د. سەعدی بەرزنجی، تیۆری گشتی یاسا، چاپی یەكەم، چاپكراوەكانی ئەمینداری گشتی رۆشەنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان، هەولێر، 1982، ل 128-129

[8] د. يوسف حسن يوسف، مدخل لعلم القانون، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، 2013، ص51.

هەرچەندە یاسا بە ئامانجی هێنانەدی داد هەنگاو دەنێت ،بەڵام دەبێت یاسادانەر لە کاتی دارشتنی یاسادا ڕەچاوی هێنانەدی دادپەروەری بکات نەك لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کەسێك یان لایەنێك یان بەرژەوەندیەکی تایبەتی، بەڵکو پێویستە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بێت، بۆیە ئەگەر یاسادانەر لە پێناو بەرژەوەندی گشتی یاسا دابڕێژێت ئەوا ئاسایشی یاسایی دێتە ئاراوە ودەبێتە هۆکاری هەست کردنی خەڵك بە هێمنی و ئارامی و هەمووان یاسا بە هی خۆیان بزانن و پابەندی بن[9]. بە بۆچوونی(سوقرات) بۆ بەرپاکردنی دادپەروەری دەبێت لە کۆمەڵگەوە دەست پێ بکەین دواتر بۆ تاکەکەس، بۆ نمونە کاتێك کۆمەڵە ووشەیەکی نووسراو دەبینی یەکەمجار ئەو ووشانە دەخوێنیەوە بە گەورەیی نووسراوە دواتر دێیە سەر ئەو ووشانەی کە بە بچوکی نوسراون[10]. لێرەدا بۆ مان دەردەکەوێت بۆ بەرپاکردنی دادپەروەری سەرەتا پێویستە هەنگاو لە کۆمەڵگەوە دەست پێ بکەین تا تاکەکەسی دادپەروەر لەو کۆمەڵگەیەوە بێتە کایەوە.

### 3.1 پەیوەندی نێوان ئاسایشی یاسایی و ئاسایشی دادوەری:

هەروەك لە پێشتردا باسمان کرد پەیوەندیەکی توند و پتەو هەیە لە نێوان ئاسایشی یاسایی و ئاسایشی دادوەری، وە ڕوون و ئاشکرایە کە کاری دادگاکان بریتیە لە پیادەکردنی یاساکان، وە هەرکات دادگاکان بێ لایەنی خۆیان پاراست و هەوڵی ئەوەیان دا کە یاساکان وەکو خۆی پیادە بکەن ئەوا تارادەیەکی زۆر ئاسایشی یاسایی دێتە ئاراوە و ئاسایشی کۆمەڵگە تێیدا پارێزراو دەبێت، چونکە بێ لایەنی دادگاکان لە پیادەکردنی یاسا و پابەند بوونیان بە پرەنسیپە یاساییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك دادگاکان بە پەناگەی خۆیان بزانن و داواکانی خۆیان بۆ بەردەمی بەرزبکەنەوە و بیرنەکەنەوە لە وەرگرتنەوەی مافەکانیان لە ڕێگەی تۆڵە سەندنەوە[11].

لە برگە (1) لە مادده (19) لە دەستوری عێراقدا هاتووە کە (دادگاکان سەربەخۆن و هیچ دەسەلاتێك جگە لە یاسا بالاًتر نیە)[12].لێرەدا ڕۆڵ و سەربەخۆبوونی دادگاکان گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی ڕێگا بە تاکەکان بدرێت بە شێوەیەکی ئاسان بتوانن داواکانی خۆیان بەرزبکەنەوە و دادگایکردنێکی دادپەروەرانە ئەنجام بدرێت، بێ گومان ئەمانەش هەموو لە ڕێگای یاساوە دەبێت کە ڕێکخستنی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە بکات، بۆیە هەروەك باسمان کرد پەیوەندیەکی زۆر توند و پتەو هەیە لە نێوان ئاسایشی یاسایی و

---

[9] د. سەعدی بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل173-178.

[10] علی مرادی، چ کەسێك دەبێت حکوم بکات "رامانێك لەفەلەسەفەی سیاسیی ئەفلاتوون، وەرگێرانی ئەکرەم ئیسماعیل و هەوار نصرالدين، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2005، ل48.

[11] Carlos, santiso, the Elusive Quest for the Rule of Law “ Promoting Reform in Latin America”, Barazilian Journal of Political Economy, Vol. 23, No. 3 (91), *july-september/2003, PP. 112-134, (pp. 118-119).*

[12] مادده (19) برگە (1) لە دەستوری عێراق، 2005. (القضاء مستقل لاسلطان عليه لغير القانون).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایشی دادوەری کە دەکرێت بڵێین هەرگیز ئاسایشی یاسایی نایەتەدی بە بێ هێنانەدی ئاسایشی دادوەری[13]. بە هەمان شێوە پێویستە دادگاکان سەربەخۆ بن و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێك و دام و دەزگایەکدا زاڵ بێت کە لە وڵاتدا کاری خۆی ئەنجام دەدەدات نەوەك کۆمەڵێك دەزگا هێڵی سوری بۆ دابنرێت و دەسەڵاتی دادگاکان پێی نەگات و یاساش نەتوانێ ئەو دەرفەتە بۆ دادگاکان برەخسێنێت. جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە ئاسایشی یاسایی بەندە بە ئاسایشی دادوەری لە هێنانەدی دادپەروەری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە وڵاتدا[14].

## 2. ئاسایشی یاسایی لە ڕێسا بازرگانیەکاندا

یاسا بازرگانیەکان کۆمەڵێك ڕێسای یاساین کە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی کاروبارە بازرگانیەکان لە وڵات[15]. وە لەبەر هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان کاروبارە بازرگانیەکان و ئابووری وڵات، یاسادانەر بەردەوام هەوڵی داوە کە سەرجەم لایەنە بازرگانیەکان ڕێك بخات و بۆشایی و کەلێنی یاسایی تێدا کەم بکاتەوە و یاسا پێویستەکان لە بوارە بازرگانیە جیاجیاکان دابرێژێت وەك یاسای بازرگانی،یاسای پاراستنی بەکاربەر، یاسای کۆمپانیاکان، یاسای ناوی بازرگانی،وە یاسای گواستنەوەی بازرگانی.... هتد ، جگە لەمانەش ئەگەر هەر دەقێك لە یاسای بازرگانی نەبوو سەبارەت بە کارێکی بازرگانی ئەوا دادوەر بۆی هەیە بگەرێتەوە بۆ یاسای شارستانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە تێیدا لەبەر ئەوەی یاسای شارستانی سەرچاوەیەکی گشتیە بۆ سەرجەم یاسا تایبەتەکان[16]، سەرەڕای هەموو ئەمانەش کەم و کوڕی یاسایی لە یاسا بازرگانیەکان لە عێراقدا لێرە و لەوێ تێبینی دەکرێت، وە چەندین کاروباری بازرگانی هەیە کە یاسادانەر ی عێراقی ڕێکی نەخستووە یان ڕێکی خستووە بەڵام کەم و کوڕی تێدایە، کە ئەمانەش هەمووی دەبنە بەربەست لە بەدیهێنانی ئاسایشی یاسا بازرگانیەکان. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاسایشی یاسایی لە چەند بوارێکی یاسایی بازرگانی بە نموونە بخەینەڕوو:

### 1.2 لە بواری ڕێکخستنی متمانەپێدراوی قەواڵەییدا:

ئەگەر تێبینی یاسای بازرگانی عێراقی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە بابەتی متمانە پێدراوی قەوالەیی کە لە ماددەکانی ( 273–281 ) یاساکەدا باسکراوە کەم و کوری زۆری تێدایە و باسی فێل نەکراوە لە متمانەپێدراوی قەوالەیی کە ڕەنگە لە ئەنجامی

---

[13] پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆلێژی یاسای زانکۆی دیپۆڵ، چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمەر "دادپەروەری و مافی مرۆڤ لەسەردەمی جیهانگیریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، 2006، ل31.

[14] The Council of Chief Justices of Australia, Guide to Judicial Conduct, 2nd Edition, the Australasian Institute of Judicial Administration Incorporated, 2007, pp. 3-4.

[15] د. باسم محمد قاسم، القانون التجاري، الطبعة الاولى، دار الحكمة، بغداد، 1987، ص19-20.

[16] نفس المصدر، ص20.

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمیة دوریة محکمة تصدر عن الجامعة اللبنانیة الفرنسیة – اربیل، کوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صیف ٢٠١٨
رقم التصنیف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەو فێلە بانك یاخود بازرگان تووشی مایەپووچ بوون بێت یان باسی ئەو بەڵگەنامانە نەکراوە کە بۆ لایەنەکان هەیە پێکەشی بکەن بۆ کردنەوەی قەواڵەی بازرگانی[17]، ئەمە لە کاتێکدایە کە متمانەپێدراوی قەواڵەیی ڕۆڵێکی زۆر گرینکی هەیە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا بە تایبەتیش کە بەکاردێت وەکو ئامرازێکی دڵنەوایی بۆ هەریەك لە کڕیار و فرۆشیار کە هەریەکەیان دانیشتووی وولاتێکە بۆ ئەوەی بتوانن کاری هاوردەکردن یا هەناردەکردن ئەنجام بدەن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ[18]، بۆیە بوونی کەم و کورتی لەم یاسایەدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دڵنەوایی و ئاسایشی یاسایی.**

## 2.2 لە بواری بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا:

**سەبارەت بە ئەنجامدانی کاروباری بازرگانی لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە هیچ دەقێك لە یاسای بازرگانی عیراقیدا نیە کە باسی بازرگانی ئەلیکترۆنی بکات بە شێوەیەکی سەربەخۆ، هەرچەندە لە عێراق لە ساڵی 2012 یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی واژووی ئەلیکترۆنی ژمارە (78) دەرچوو بۆ ڕێکخستنی کاروبارە ئەلیکترۆنیەکان بەشێوەیەکی گشتی بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بە هەبوونی یاسایەکی تایبەت و سەربەخۆ دەکات سەبارەت بە بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر لەم جۆرە بازرگانیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون بۆ بازرگانان و بەکاربەر ڕوون ببێتەوە کە ئاسایشی یاساییان پارێزراوە لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا تاوەکو ڕێکارەکانی بەرزکردنەوەی داوا و چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مافەکانیان ڕوون بێتەوە، وە ئەم بۆشاییە یاساییانە وادەکات کە بازرگانان ترسیان هەبێت لە پەنا بردنە بەر بازرگانی ئەلیکترۆنی[19]، بۆنمونە ئەگەر سەیری یاسای عێراقی بکەین دەبینین هیچ ڕێسایەکی ئیسنادی تێدا نیە تایبەت بە ڕوودانی ململانێی نێوان یاساکان کاتێك کە ڕەگەزێکی بیانی بوونی هەیە لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا یان دەربارەی پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا، بە پێچەوانەی یاسای وولاتان کە هەندێکیان تایبەتمەندی دەدەن بە یاسای شوێنی مانەوەی بەکاربەر بە شێوەیەکی بەردەوام هەروەك لە برگە( 2 ) ی ماددە(27) لە یاسای ئینگلیزی ساڵی 1977 دا هاتووە ، هەروەها ڕێککەوتننامەی ڕۆماش بۆ ساڵی 1980 هەمان هەڵوێستی دووبارە کردۆتەوە. یان هەندێکی تر لە یاساکان تایبەتمەندی دەدەن بە یاسای باشتر بۆ بە کاربەر هەروەك لە ماددە (41) ی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتی نەمساویدا بۆ ساڵی 1979هاتووە. بەلام هیچ دەقێك نیە لە یاسایی عێراقی بە شێوەیەکی ڕوون ڕێسایەکی ئیسناد بۆ بازرگانی ئەلیکترۆنی دیاری کردبێت هەرچەندە لەبڕگە (1) ی ماددە (25) لە یاسای شارستانی یاسای پێویست بە جێبەجێکردن لە گرێبەست دیاری دەکات بەلام هەموو بوارەکانی ئەم بازرگانیە ڕێك ناخات چونکە زۆرجار لەم بازرگانیە لایەنەکان شوێنیان دیار نیە یان بەکاربەر شوێنی دەگۆڕێت یان ڕەنگە بازرگانان لە چەند**

---

[17] **یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە 30 ساڵی 1984.**

[18] د. محمد السید الفقي، القانون التجاري (الافلاس-العقود التجاریة-عملیات البنوك)،الطبعة الاولی، منشورات الحلبي الحقوقیة، بیروت، 2005، ص 407-408.

[19] **یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی عێراقی ژمارە 78 ساڵی 2012.**

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمیة دوریة محکمة تصدر عن الجامعة اللبنانیة الفرنسیة – اربیل، کوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صیف ٢٠١٨
رقم التصنیف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وولاتێکدا بن، بۆیە پێویستە لە یاسای عێراقی ڕێسایەکی ئیسناد بە شێوەیەکی ڕوون دابنرێت دەربارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی و پاراستنی بەکاربەر تیایدا[20].

### 3.2 لە بواری ڕێکلامە بازرگانیەکاندا:

نە بوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی ڕێکلامە بازرگانیەکان بە کەموکوڕی هەژمار دەکرێت و نەگونجانە لەگەڵ پێشهاتە جیهانیەکان لەم بوارەدا و پێویستە لەسەر یاسادانەر و دادوەر بەردەوام ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانە بن کە لە سەر ئاستی جیهان و ناوخۆ ڕوودەدەن بۆ نمونە مادده (3) لە یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (107)ی ساڵی 1979 پابەندی دادوەری کردووە کە دەبێت شیکردنەوەیەکی پێشکەوتووانە بۆ یاساکان بکات[21]، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت پێویستە یاساکان و دادگاکانیش خۆیان لە گەڵ پێشکەوتنەکان بگونجێنن بۆ ئەوەی ئاسایشی یاسا بازرگانیەکان بێتە دی.

### 4.2 لە بواری یاسای کۆمپانیاکان:

یاسای کۆمپانیاکان لە عێراقدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەریوە تاوەکو دوا هەموارکردنی لە لایەن دەسەلاتی هاوپەیمانی بە ژمارە (64) بۆ ساڵی 2004، وە ئەگەر تێبینی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم یاسایە لە دوا هەموارکردنەوەشیدا چەندین کەم و کوڕی بەرچاو دەبینرێت، ئەمە و سەرەڕای کۆمەڵێك لە لایەنی باشی و پێویست بوونی دەرچوونی ئەو یاسایە، بۆ نموونە ئەو یاسایە ژێرخانی ئابووری عێراقی لەبەرچاو نەگرتووە و ڕێگای داوە بە دامەزراندنی کۆمپانیای بیانی لە عێراقدا و پێدانی دەرفەتی کارکردنیان و پیادەکردنی کارە بازرگانی و ئابووریەکانیان دوور لە دەستوەردانی دەسەلاتی ناوەند و چاودێری ناوەند بە سەریانەوە و ڕێگای داوە بە وەبەرهێنەری بیانی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتی و یاسا نێودەوڵەتیەکان زاڵ بکەن بەسەر یاسای نیشتمانی و گشت سامانەکانیان بۆ دەرەوە بگوازنەوە بەبێ بوونی کۆت و بەربەست لەبەردەمیاندا[22].

یەکێکی تر لە کەموکوڕیەکان کە بەدی دەکرێت لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی هەموارکراو ئەوەیە کە دەقی دووبارەی تێدایە بۆ نمونە ئەگەر سەیری مادده (6) بکەین دەبینین ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆمپانیا هاو ئەرکیەکان و پرۆژەی تاکەکەسی

---

[20] علی تەها ئەکرەم ، پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا " توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، گۆڤاری قەلا، ژمارە 3 بەرگی (2)، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، عێراق، 2017، ل 1-27.

[21] مادده (3) لە یاسای سەلماندنی عێراقی ژمارە (107) ساڵی 1979.

[22] أ.د. حسین توفیق فیض الله، مستجدات قانون الشرکات العراقیة، الطبعة الاولی، مکتب التفسیر للنشر والاعلان، اربیل، 2006، ص 11-12.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیاریەتی تێدا دیاریکراو نیە بەڵکو هەموو پابەندی کۆمپانیا دەکەوێتە سەر پشکدارەکانی[23]. بە هەمان شێوە لە مادده (35) دووبارە هاتۆتەوە کە لە کۆمپانیای هاوئەرکی پرۆژەی تاکەکەسی بەرپرسیاریەتی دیاریکراو نیە بەڵکو هەموو پابەندیەکانی کۆمپانیا دەگرێتەوە[24]. کە هیچ پێویستی نەدەکرد ئەم دەقە دووبارە بکرێتەوە[25].

## 5.2 لە بواری دادگای بازرگانی:

بوونی دادگای بازرگانی وادەکات کێشە بازرگانیەکان جۆرە سەربەخۆ بوونێك وەربگرن و دادگای تایبەتمەندیان بۆ دیاری بکرێت و چارەسەرکردنیان ئاسانتر بێت و رێکخراو بێت، چونکە هەبوونی دادگایەکی لەو جۆرە وادەکات دادوەرەکان تیشك بخەنە سەر یەك جۆرە یاسا و یەك جۆرە کێشە کە ئەویش کێشە بازرگانیەکانە و سەرقاڵ نەبن بە کێشە و کارە شارستانیەکان، ئەوەش وادەکات ببنە هۆکارێکی باش بۆ جێبەجێکردنی برگەو ماددەکانی یاسای بازرگانی وەك خۆی وکارئاسانی دەکات بۆ هێنانەدی ئاسایشی یاسایی تێیاندا، هەر بۆیە لە وولاتەکانی وەکو فەرەنسا و بەلجیکاو میسر و سعودیە و کوێت ئەم دادگا بازرگانیە بوونی هەیە، بەڵام لە عێراق دادگای بازرگانی بوونی نیە بەڵکو دادگای بەرایی تایبەتمەندە بە سەیرکردنی کێشە بازرگانی و شارستانیەکان[26]. کە ئەمەش لە کۆتاییدا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئاسایشی یاسایی.

## 3. ئاسایشی یاسایی لە رێسا کارگێریەکاندا

کەم و کورِی یاسایی لە یاسا کارگێڕیەکان لە عێراقدا لێرە و لەوێ تێبینی دەکرێت، چەندین بابەتی کارگێڕی هەیە کە یاسادانەری عێراقی رێکی نەخستووە یان رێکی خستووە بەڵام کەم و کورِی تێدایە، کە ئەمانەش هەمووی دەبنە بەربەست لە بەدیهێنانی ئاسایشی یاسا کارگێڕیەکان، بۆیە هەوڵدەدەین بە نموونە تیشك بخەینە چەند کەموکوڕیەکی یاسایی لە چەند بوارێك لە بوارەکانی یاسای کارگێڕی عیراقی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

---

23 مادده 6 لە یاسای هەموارکراوی کۆمپانیاکان ژمارە 64 ساڵی 2004.

24 مادده (35) یاسای کۆمپانیاکان هەموارکراوی ژمارە 64 ساڵی 2004

25 ا.د. اكرم ياملكي، قانون شركات "دراسة مقارنة" ، الطبعة الاولى ، منشورات جامعة جيهان، اربيل، 2012، ل. 73.

26 ا.د. اكرم ياملكي، القانون التجاري " دراسة مقارنة في الاعمال التجارية والتاجر والعقود التجارية والعمليات المصرفية والبيوع البحرية" الطبعة الاولى، اثراء للنشر والتوزيع، الاردن، 2012، ل. 76.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.3 لە بواری ڕێکخستنی کارگێڕی

بە پێی برگە(أ) لە ماددەی(7) لە یاسای ڕێکارە جێبە جێکاریەکانی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان ژمارە(13) بۆ ساڵی 2008 هەر کەس و لایەنێك کە بەرژەوەندیدار بێت بۆی هەیە لە ماوەی هەفتەیەك لە دەرەنجامی ڕیفراندۆمی پێکهێنانی هەرێم تانە بگرێت لە دەرەنجامی ڕیفراندۆمەکە، وە پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار کە لەماوەی(10) دە ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئەم تانە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لەم یاسایەدا دیاری نەکراوە کە ئەو لایەنەی ئەم تانەیە یەکلایی دەکاتەوە، ئایا کۆمسیۆنە کە ئەمەیان لۆجیکی نابێت چونکە ناکرێت هەمان لایەن دژ بێت و ناوبژیکاریش بێت لە هەمان کاتدا، وە یان لایەنی یەکلایی کەرەوەی ئەم تانەیە دادگایە بۆ نموونە دادگای فیدرالی باڵا، کە ئەمەشیان هەر نابێت چونکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی دادگای باڵای فیدراڵیدا ئاماژەی بۆ نەکراوە[27].

وە هەروەها لە ماددە(2)ی یاسای پارێزگاکانی کە نەچوونەتە پاڵ هەرێمێك ژمارە(13) بۆ ساڵی 2008 دا هاتووە کە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگادایە کە کاری یاساداڕێژی بکات لە کاتێکدا کە ڕوون نەکراوەتەوە کە مەبەست چیە لە یاساداڕێژی و ئایا بەریەککەوتن دروست ناکات لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕووی یاساداڕێژیەوە؟

وە ئایا ئەنجومەنی پارێزگا کە بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە یاسا دابرێژێت یان کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دانانی یاسا لقیەکانە(ڕێنمایی و سیستەم) نەك یاسای ئاسایی؟

ئەمە لە کاتێکدا کە لە ماددە(122)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقی بۆ ساڵی 2005 تەنها دەسەڵاتی کارگێری و دارایی دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگا. بەمەش دژیەکی دروست دەبێت لە نێوان دەقی ماددەی(2)ی یاسای پارێزگاکانی کە نەچوونەتە پاڵ هەرێمێك ژمارە(13) بۆ ساڵی 2008 لەگەڵ دەقی ماددە(122)لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005.

وە پێدانی دەسەڵاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی بە ئەنجومەنی نوێنەران پێچەوانەی بنەما دەستووریە باوەکانی جیهانە[28]، چونکە پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەستووردا دەبێت ڕێکبخرێت نەك لە یاسا ئاساییەکان[29].

وە یاسادانەری دەستوری و ئاسایی عێراقی کەوتوونەتە شپرزەیی و تێکەڵاوی لە نێوان چەمکی لامەرکەزیەی کارگێڕی و لامەرکەزیەی سیاسی(فیدراڵی). وە هەمان حاڵەت ڕووی داوە سەبارەت بە هەردوو چەمکی کارگێڕی خۆجێی و حکومەتی خۆجێی.

---

[27] ماددە(4)بکە لە یاسای دادگای فیدرالی باڵای عیراقی ژمارە(30)بۆ ساڵی 2005.

[28] د. خالد سعيد توفيق، العنصر المفقود في الفدرالية العراقية، ورقة بحث مقدمة إلى المؤتمر العلمي الأول لكلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق – الواقع و المستقبل، 2010.

[29] ماددەی (65)لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی بۆ ساڵی 2005.

مجلة قەلاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونكە دەستور پارێزگاكان كە سەر بە هەرێمێك نين بە يەكەيەكى پێكهێنەرى فيدرالى لە قەڵەم داوە و لە ڕووى پێگەو دەسەلاتەوە هاوشێوەى هەرێمەكان مامەڵەيان لەگەڵ دەكات لە لايەك، وە لە لايەكى تريش لە چوارچێوەى نامەركەزيەتى كارگێڕى هەژماريان دەكات كە ئەمەش وايكردووە كە پارێزگاكان لە عێراقدا دەسەلاتێكى فراوانترو زياتريان هەبێت لەوەى كە پارێزگاكان دەيانبێت بە شێوەيەكى ئاسايى لە سيستەمە نامەركەزيە كارگێڕيەكان[30].

وێڕاى ئەمانەش ناڕوونى و ناجێگيرى هەيە لە هەڵوێستى ياسادانەر لە ياساى ڕێكارە جێبەجێكاريەكانى تايبەت بە پێكهێنانى هەرێمەكان ژمارە(13) بۆ سالى 2008 و ياساى پارێزگاكان كە چوونەتە پاڵ هەرێمێك بۆ نموونە لەم ياسايەدا بە هيچ شێوەيەك تيشك نەخراوەتە سەر چوونە پاڵ يەكترى دوو هەرێم وە يان داواكارى پارێزگايەكى سەر بە هەرێمێكى هەبوو بە جيابوونەوە لەو هەرێمە يان پارێزگايەك لە هەرێمێك بچێتە پاڵ هەرێمێكى تر.

وە بە پێى بڕگەى(يەكەم)لە ماددەى(2) لە ياساى ڕێكارە جێبەجێكاريەكانى تايبەت بە پێكهێنانى هەرێمەكان ژمارە(13) بۆ سالى 2008دەكرێت دوو لە سەر سێ ى پارێزگايەكى پێكهاتوو بە پێى دەستور داواكارى پێشكەش بكەن بۆ پێكهێنانى هەرێم، بەو دەستەواژەيەش بێت پارێزگاى كەركوك مافى پێكهێنانى هەرێمى نيە، چونكە ئەنجوومەنى پارێزگاى كەركوك بە پێى دەستور دروست نەبووە بەڵكو بە پێى فەرمانى دەسەلاتى هاوپەيمانى ژمارە(71)بۆ سالى 2004 دروست بووە.

وە بەو شێوەيە ماددەى(2) لە ياساى ڕێكارە جێبەجێكاريەكانى تايبەت بە پێكهێنانى هەرێمەكان ژمارە(13) بۆ سالى 2008 و بڕگەى (پێنجەم)لەماددەى(23) لە ياساى هەڵبژاردنى ئەنجوومەنى پارێزگاو قەزاو ناحيەكان پێچەوانەى دەقى ماددە(119)ى دەستوورن كە مافى داوە بە سەرجەم پارێزگاكان بە بێ جياوازى كە هەرێم پێكبهێنن بە دوو لەسەر سێى ژمارەى ئەندامانى ئەنجوومەنى پارێزگا وە يان بە يەك لەسەر دەى دانيشتوانى ئەو پارێزگايە.

بۆيە لە 27/ 11/ 2011 ئەنجوومەنى پارێزگاى سەلاحەددين بە ڕەزامەندى دوو لەسەر سێى ئەندامانى دەنگى دا بە بەڵێ بۆ دروست كردنى هەرێمێك بە ناوى سەلاحەددين، بەلام ئەم داواكاريە لە لايەن سەرۆكى ئەنجوومەنى وەزيرانى ئەو كاتى عێراق ڕەت كرايەوە و پەسەند نەكرا، لە كاتێكدا كە دەستور و ياسا ئەو مافەيان نەداوە بە سەرۆكى ئەنجوومەنى وەزيران كە ئەم جۆرە داواكاريانە لە لايەن خۆيەوە ڕەت بكاتەوە.

## 2.3 لە بوارى دادگاى كارگێڕى

[30] د.شورش حسن عمر، الدعائم الاساسيه للدوله الفدراليه، مجله(زانكوى سليمانى)، العدد(29) حزيران 2010، ص 174.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ماددە(101) ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا ئاماژە بە دادگای کارگێڕی کراوەو هاتووە کە دەکرێت بە یاسایەك ئەنجومەنی دەوڵەت دابمەزرێنرێت کە تایبەتمەند دەبێت بە کاروبارەکانی دادگای کارگێڕی و ڕاوێژکاری و داڕێژکاری و نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەت و سەرجەم دامودەزگا گشتیەکان لەبەردەم دادگا.

ئەگەر تێبینی ئەم ماددە دەستوریە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری دەستوری عێراقی ڕۆڵی نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەتی داوە بە ئەنجومەنی دەوڵەت لە کاتێکدا کە ئەم ڕۆڵە پێویستە بدرێت بە نوێنەرە ڕاسپێردراوەکان(بە بریکارنامەی پەسەندکراو لە لایەن وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە).

وە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی کارپێکراو لە زۆربەی وولاتانی جیهان دەسەلاتی یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی تایبەت بە گرێبەستەکارگێڕیەکان لە عێراقدا نەدراوە بەدادگای کارگێڕی، بە ڵکو دەچێتە چوارچێوەی دەسەلاتەکانی دادگای ئاسایی کە ئەمەش کەموکوڕی و لێکەوتەی نەرێنی هەیە لە ڕووی دووری تایبەتمەندی دادوەرانی دادگای ئاسایی و نەبوونی شارەزایی پێویستیان لە کاروبارەکانی کارگێڕی گشتی و پەیوەندیەکانی بە گرێبەستکارانەوە.

### 3.3 لە بواری گرێبەستە کارگێڕیەکان

لە ماددە (18)ی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە(1) بۆ ساڵی 2008 دا هاتووە کە وەزارەت و لایەنە نەلکاوەکان بە وەزارەت و هەرێم و پارێزگاکان کە نەچوونەتە پاڵ پارێزگاکان بۆیان هەیە ئەو گرێبەستەکارانە بخەنە لیستی ڕەشەوە کە سەرپێچیکارن بۆ پابەندیەکانیان.

کەواتە بە پێچەوانەکردنی واتای دەقی ئەو ماددەیە وەزارەت و لایەنە نەلکاوەکان بە وەزارەت و هەرێم و پارێزگاکان کە نەچوونەتە پاڵ پارێزگاکان بۆیان هەیە و دەتوانن ئەو گرێبەستەکارانە نەخەنە لیستی ڕەشەوە سەرەڕای ئەوەی کە سەرپێچیکارن بۆ پابەندیەکانیان. چونکە ئەم ماددەیە بە شێوەی ئیختیاری هاتووە نەك زۆرەملێیی کە لە ڕاستیدا ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ پاکی و دروستی پرۆسەی کەمکردنەوە گشتیەکان کە مەبەستی سەرەکی تێیدا وەدیهێنانی سوود و بەرژەوەندی گشتیە.

### 4.3 لە بواری سامانی گشتی

هەڵوێستی یاسادانەری عیراقی شپرزەیی پێوەدیارە لە دیاریکردن و ناساندنی بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە برگەی(یەکەم) لە ماددەی(27)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقیدا هاتووە کە ماڵی گشتی حورمەتی خۆی هەیە وە پاراستنی ئەرکە لەسەر شانی گشت

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاولاّتيەك، وە لە برِگەی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە كە بە یاسا رِێكدەخرێت برِگەكانی پاراستنی موڵكەكانی دەوڵەت و بەرِێوەبردنیان و مەرجەكانی هەڵسوكەوت كردن پیّ یانەوە.... هتد.

لەم مادده دەستوریەدا شپرزەیی و نارِوونی یاسادانەری دەستوری عیراقی بە ئاشكرا دەردەكەوێت كاتێك كە ماڵی گشتی و موڵكی دەوڵەت وەك دوو چەمكی هاو واتا و وەك یەك سەیر دەكات ، لە كاتێكدا كە ئەم دوو چەمكە لە رِووی واتاوە جیاوازن و مەرج نیە هەموو موڵكێكی دەوڵەت بچێتە خانەی ماڵی گشتیەوە*، وە هەروەها دەوڵەت دوو جۆرە موڵكی هەیە كە یەكێكیان موڵكداریەتی گشتیە كە تەرخانكراوە بۆ سوود و بەرژەوەندی گشتی و دەچێتە ژێر رِكێفی یاسای گشتیەوە كە ئەم جۆرە موڵكە پێی دەوترێت ماڵی گشتی، بەلاّم جۆرەكەی تریان موڵكداریەتی تایبەتی دەوڵەتە كە تەرخانكراوە بۆ مەبەستی كار ئاسانی كارو چالاكیەكانی دەوڵەت و دەچێتە ژێر رِكێفی یاسای تایبەتەوە وەك دۆمینی زەوی و زار و دۆمینی پیشەسازی و دۆمینی بازرگانی، ئەمە لە لایەك.

وە لە لایەكی تریش ئەم ماددەیە ئەركی پاراستنی ماڵی گشتی خستۆتە سەرشانی تاكی هاوولاّتی، لە كاتێكدا ئەم كارە ئەركی دەوڵەتیشە نەك بە تەنها ئەركی تاك.

وە سەرەرِای ئەوەش یاسادانەری دەستوری عیراقی ئەركی پاراستنی ماڵی گشتی بەستۆتەوە بە تاكی هاوولاّتی لە كاتێكدا كە پێویست دەكات ئەم ئەركە بكەوێتە سەر شانی تاكی بێگانەش كە لە ولاّتدا بوونیان هەیە.

## كۆتایی

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە كۆمەڵێك دەرئەنجام و پێشنیار كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### یەكەم/ دەرئەنجامەكان:

1- مەبەست لە چەمكی ئاسایشی یاسایی فەراهەم بوونی سەقامگیری و چەسپاویە بۆ پێگە یاساییەكان. كە ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە گەرەنتیەكانی پارێزگاریكردن لە پێگە یاساییەكان و نەشلەژانیان بە بە گۆرِانكاری كتوپرِ. وە بیرۆكەی

* بۆ نموونە لە هەندێك حاڵەتدا ئەگەر هاتوو كەسێك بمرێت و هیچ میراتگرێك لە دوای خۆی بەجیّ نەهێڵێت، ئەوا ماڵ و میراتە لە دوا بەجێماوەكەی دەبێتە موڵكی دەوڵەت، واتا دەوڵەت دەبێتە میراتگری بیّ میراتگرەكان، جا لێرەدا ئەو موڵكانە ناكرێت هاوتای موڵكە گشتیەكان سەیر بكرێن.[31]

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایشی یاسایی سەری هەڵدا لە پێداویستی کۆمەڵگە بۆ ئاسایش و پارێزگاری کردن لە خاوەن پێگە یاساییەکان لە کۆمەڵگە.

2- ئاسایشی یاسایی کە بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی دەوڵەتی یاسا دادەنرێت دێتە دی لە ڕێگەی پابەندبوون و کارکردن بە ژمارەیەك پرەنسیپی یاسایی کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە هێنانەدی ئاسایشی یاسایی، وەك سەروەری یاسا و نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ دواوە و جێگیر بوونی ڕێسا یاساییەکان و ڕوونی و ئاشکرایی ڕێسا یاساییەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی دادپەروەری لە یاسادارێژیدا.

3-پەیوەندیەکی زۆر توند و پتەو هەیە لە نێوان ئاسایشی یاسایی و ئاسایشی داوەری کە دەکرێت بڵێین هەرگیز ئاسایشی یاسایی نایەتەدی بە بێ هێنانەدی ئاسایشی دادوەری.

4- لە دوتوێی توێژینەوەکەماندا بە چەندین نموونە بۆمان ڕوون بوویەوە کە کەم و کوڕی یاسایی لە یاسا بازرگانی و کارگێڕیەکان لە عێراقدا لێرە و لەوێ تێبینی دەکرێت، چەندین کاروبار و بابەتی بازرگانی و کارگێڕی هەیە کە یاسادانەری عێراقی ڕێکی نەخستووە یان ڕێکی خستووە بەڵام کەم و کوڕی تێدایە، کە ئەمانەش هەمووی دەبنە بەربەست لە بەدیهێنانی ئاسایشی یاسایی بەگشتی و ئاسایشی یاسا بازرگانی و کارگێڕیەکان بە تایبەتی.

**دووەم/ پێشنیارەکان:**

1. چارەسەر کردن و لابردنی ئەو کەم و کوری و بۆشاییانەی کە لە یاسا عێراقیەکاندا بوونیان هەیە بە تایبەتی لە یاسای بازرگانی و یاسای کارگێڕیدا بۆ ئەوەی ئاسایشی یاسایی تێیاندا بەرقەرار بێت و بە تایبەتیش کە ئەو دوو یاسایە دوو لایەنی سەرەکی ژیان ڕێك دەخەن، یاسای بازرگانی کە پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە ئابووری وڵاتەوە، و ە یاسا کارگێڕیەکان کە پەیوەستە بە خزمەتگوزاریە گشتیەکان و چالاکیەکانی کارگێڕی گشتی.

2. سپاردنی پێگە یاساییەکان بە کەسەکان لە عێراق لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شایستەیی زانستی و توانا و تایبەتمەندی لە سەرجەم نێوەندەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بە مەبەستی ڕێك و دروست بەڕێوەچوونی پرۆسەی یاسا دارێژی و جێبەجێکردن و پیادەکردنی یاساکان بە شێوەیەکی سەقامگیر لەسەر بنەمای ئاسایشی یاسایی.

3. پێکهێنان و دامەزراندنی دادگای بازرگانی لە عێراقدا بۆ ئەوەی سەیری کێشە بازرگانیەکان بکات و تایبەتمەند بێت بە جێبەجێکردنی یاسا بازرگانیەکان و سەیرکردنی ئەو داوایانەی کە لە دەرەنجامی جێبەجێکردنی یاسا بازرگانیەوە دێنە ئاراوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- چەسپاندنی دەقێك لە دەستور كە پابەندی یاسادانەر بكات بە ڕەچاوكردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و پێشهاتە جیهانیەكان لە پرۆسەی یاسا دارێژیدا هەروەك چۆن یاسادانەر پابەندی دادوەری كردووە لە مادده (3) لە یاسای سەڵماندنی عێراقی ژمارە (107)ی ساڵی 1979 كە شیكردنەوەیەكی پێشكەوتووانە بۆ یاساكان بكات.

5- پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان بە پرۆسەی یاسا دارێژی كە ڕەچاوی یەكخستنی بنەماكانی دارشتنی یاسایی و چەمك و گوزارشتە یاساییەكان بكەن، وە نابێت دەربڕینە یاساییەكانی ناو دەقە یاساییەكان دووبارەیی و ناحاڵی بوون و تێكەڵاوی دروست بكات.

6- پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی كە پرۆژە یاسا ئامادە دەكەن و ئەوانەشی كە پەسەندی دەكەن و یاسا دارێژی بۆ دەكەن بەر لە هەموو شتێك دڵنیا ببنەوە لەوەی كە پرۆژە یاساكە پێچەوانە نیە لەگەڵ دەق و بنەما دەستووریەكان و دژیەكی و تێكەڵاوی و دووبارەیی دروست ناكات لەگەڵ یاسایەكی كارپێكراو.

7- بە پەسەند نازانرێت كە بۆ یەك بابەت زیاتر لە یاسایەك هەبێت، هەروەك یاسای پارێزگاكان كە نەچوونەتە پاڵ هەرێمێك و یاسای ڕێكارە جێبەجێكاریەكانی پێكهێنانی هەرێمەكان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی كە نەچوونەتە پاڵ هەرێمێك.

8- پێویستە لەسەر یاسادانەر و یاسا دارێژەر كە ووردبین بن لە بەكارهێنانی چەمك و ڕستەكان لە یاساكاندا، وە بە زمانێكی سادەو دوور لە دروست كردنی ڕاڕایی لە شیكردنەوەكان یاساكان دابڕێژن.

9- كاراكردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی شورا لە عیراق سەبارەت بە یەكخستنی بنەماكانی یاسا دارێژی لە عیراقدا لەڕێگەی ووردبینی كردنی پرۆژە یاساكان و نەهێشتنی كەموكوڕیەكان تیایدا هەروەك چۆن لە مادده(5)ی یاسای ئەنجومەنی شورای عیراقیدا هاتووە بە ژمارە(65) ساڵی 1979ی هەمواركراو.

## سەرچاوەكان

**یەكەم/ كتێب:**

1- ا.د. اكرم ياملكي، القانون التجاري " دراسة مقارنة في الاعمال التجارية والتاجر والعقود التجارية والعمليات المصرفية والبيوع البحرية" الطبعة الاولى، اثراء للنشر والتوزيع، الاردن، 2012.

2- ا.د. اكرم ياملكي، قانون شركات "دراسة مقارنة" ، الطبعة الاولى ، منشورات جامعة جيهان، اربيل، 2012.

3- د. باسم محمد قاسم، القانون التجاري، الطبعة الاولى، دار الحكمة، بغداد، 1987.

4- د. حسن مصطفى البحري، القانون الدستوري (النظرية العامة)، الطبعة الاولى، بدون دار النشر، دمشق، 2009.

5- د. حسين توفيق فيض الله، مستجدات قانون الشركات العراقية، الطبعة الاولى، مكتب التفسير للنشر والاعلان، اربيل، 2006.

6- د. خالد سعيد توفيق، العنصر المفقود في الفدرالية العراقية، ورقة بحث مقدمة إلى المؤتمر العلمي الأول لكلية القانون و السياسة بجامعة صلاح الدين حول الفدرالية في العراق – الواقع و المستقبل، 2010.

7- د. سەعدی بەرزنجی، تیۆری گشتی یاسا، چاپی یەکەم، چاپکراوەکانی ئەمینداری گشتی رۆشەنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، 1982،

8- د.شۆرش حسن عمر، الدعائم الٱساسيه للدوله الفدراليه، مجله(زانكوى سليمانى)، العدد(29) حزيران 2010.

9- علی مرادی، چ کەسێك دەبێت حکوم بکات "رامانێك لەفەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتوون، وەرگێرانی ئەکرەم ئیسماعیل و هەوار نصرالدین، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2005.

10- د. محمد السيد الفقي، القانون التجاري (الافلاس–العقود التجارية–عمليات البنوك)،الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2005.

11- د. منذر الشاوي، دولة القانون، الطبعة الاولى، مكتبة الذاكرة، بغداد، 2013.

12- د. نبيل ابراهيم سعد، المبادىء العامة للقانون (نظرية القانون – نظرية الحق)، الطبعة الاولى، دار الجامعة الجديدة، 2013.

13- د. يوسف حسن يوسف، مدخل لعلم القانون، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، 2013.

**دووەم/ توێژینەوە بلأوکراوەکان:**

1- عبد المجيد غميجة، مبدأ الأمن القانوني وضرورة الأمن القضائي، بحث مقدم في إطار الندوة المنظمة من قبل الودادية الحسنية للقضاة في المؤتمر الثالث عشر للمجموعة الأفريقية للإتحاد العالمي للقضاة، الدار البيضاء، 2008.

2- علی تەها اکرم، پاراستنی بەکاربەر لە بازرگانی ئەلیکترۆنیدا " توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، گۆڤاری قەلاّ، ژمارە 3 بەرگی (2)، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، عێراق، 2017.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم/ یاساکان:**

1- دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005.

2- یاسای دادگای فیدراڵی باڵای عیراقی ژمارە(30)بۆ ساڵی 2005.

3- یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە 30 بۆ ساڵی 1984

4- یاسای هەموارکراوی کۆمپانیاکان ژمارە 64 ساڵی 2004.

5- یاسای کاروباری ئەلیکترۆنی و واژووی ئەلیکترۆنی عێراقی ژمارە 78 ساڵی 2012.

6- یاسای سەڵماندنی عێراقی ژمارە (107) بۆ ساڵی 1979.

**چوارەم/ بلاوکراوەکان:**

1- پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆلێژی یاسای زانکۆی دیپۆڵ چەند لێکۆلینەوەیەك لەمەر "دادپەروەری و مافی مرۆڤ لەسەردەمی جیهانگیریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، هەولێر، 2006.

2-The Council of Chief Justices of Australia, Guide to Judicial Conduct, 2nd Edition, the Australasian Institute of Judicial Administration Incorporated, 2007.

**پێنجەم/ گۆڤارە بیانییەکان:**

1-Carlos, santiso, the Elusive Quest for the Rule of Law " Promoting Reform in Latin America", Brazilian Journal of Political Economy, Vol. 23, No. 3 (91), july-september/2003.

2-Tom, Bingham, The Rule of Law, 1st edition, penguin group, London, 2010.

**الملخص**

يتناول هذا البحث موضوع الأمن القانوني الذي يعد أحد أهم مقومات الدولة القانونية القائمة على سيادة القانون. و مؤدى ذلك أن تلتزم السلطات العامة بضمان قدر من الثبات في العلاقات القانونية و حد أدنى من الإستقرار للمراكز القانونية، كي يتمكن الأشخاص من التصرف بإطمئنان على هدى من القواعد و الأنظمة القانونية القائمة بأعمالها و ترتيب أوضاعهم وفقها، دون

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

التعرض لتصرفات مفاجئة تهدم توقعاتهم المشروعة و تزعزع إستقرار أوضاعهم القانونية، إذ لا يمكن للفرد الحصول على حقوقه المشروعة إلا في ظل منظومة قانونية ثابتة ومستقرة في جميع المجالات، فوجود نوع من الثبات النسبي للعلاقات القانونية يبعث على استقرار المراكز القانونية ويعمل على إشاعة السكينة والطمأنينة ويحقق الأمن الإنساني بأبعاده الواسعة، وبالمقابل يؤدي عدم استقرار القوانين واضطرابها إلى خلق الفوضى وإشاعة الفتنة واختلال الحياة الطبيعية للأفراد مما يخل بسيادة الدولة وهيبتها، ولتحقيق هذه الغاية يجب البحث عن المقومات التي تحقق استقرار القواعد القانونية بالشكل الذي يضمن حقوق الأفراد وحرياتهم الأساسية في ظل سيادة الدولة والقانون.

يقاس مدى ملاءمة القانون للمجتمع تبعاً لمدى إستجابة القانون لمتطلبات و حاجات المجتمع، فكلما كانت القاعدة القانونية مقبولة من قبل المخاطبين بأحكامها، كلما كانت واقعية و جسّدت أحكامها بصورة سليمة و سلسة في الواقع العملي. غير أن بلوغ تلك الغاية لا يمكن أن تتحقق في غياب رؤية تشريعية واضحة و قابلة للتوقع، فإحترام القاعدة القانونية هو نتيجة لإحترام مناخ قانوني و قضائي سليم و مستقر، فلابد من الجودة في الصياغة و النص القانوني بما يتطلبه من وضوح و سهولة في الفهم و دقة في تحديد المقتضيات.

وإنطلاقاً مما سبق فإن هذا البحث المعنون بـ **(الأمن القانوني في العراق- القانونين التجاري و الإداري نموذجاً)** يعد جهداً علمياً جادّاً لطرح مفهوم الأمن القانوني و أبعاد علاقته بالعدالة و سيادة القانون و الإستقرار و الطمأنينة في المجتمع، و بيان الثغرات و النواقص و القصور و التناقضات القانونية التي وقع فيها مشرعي القانون التجاري و الإداري العراقيين، و ذلك تمهيداً لمعالجتها و بيان المقترحات الملائمة و المناسبة للحدّ منها.

**ABSTRACT**

This research deals with legal security, which is one of the most important elements of a legal state based on the rule of law. This leads the public authorities to commit themselves to ensuring some degree of stability in legal relations and a minimum level of stability for the legal centers, so that individuals can act with confidence in the guidance of the legal rules and regulations that are in place and arrange their conditions without being subjected to sudden actions that undermine their legitimate expectations and destabilize their legal status; as an individual can only obtain his or her legitimate rights under established and stable legal system in all areas. The existence of some kind of relative stability in legal relations reinforces the stability of legal centers and promotes peace and tranquility and achieves human security in its broad dimensions. In contrast, the instability and disorder of laws create chaos, sedition and the disruption of the normal lives of individuals, thereby compromising the sovereignty and prestige of the state. To this end, it is necessary to look for the elements that stabilize legal rules in a manner that guarantees the fundamental rights and freedoms of individuals under state sovereignty and law.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The appropriateness of the law to society is measured by the extent to which the law responds to the requirements and needs of the society. The more the rule of law is accepted by the addressees, the more realistic it is and the better it will be in practice. However, reaching that aim cannot be achieved in the absence of a clear and predictable legislative vision. Respect for the legal rule is the result of respect for a sound and stable legal and judicial environment. The quality of the drafting and the legal text must be clear, easy to understand and precise in determining the requirements.

In view of the forgoing, the research entitled **"Legal Security in Iraq - Commercial and Administrative Law"** is a serious scientific effort to present the concept of legal security and the dimensions of its relationship with justice, the rule of law, stability and tranquility in society, and to indicate the gaps, shortcomings, shortcomings and legal contradictions in which the Iraqi legislators of commercial and administrative law have made, in order to address them and to identify appropriate suggestions and proposals to reduce them.